کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-6-2007 19:13 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## کاتێک سەنتەری ڕۆشنبیری دەبێتە ئوتێل ... یوسف نانەکەلی

وەك ئاشكرایە دروست بوونی ئەم سەنتەرە ڕۆشنبیریانە بۆ ئەمڕۆ شتێكی پێویست بوو بەتایبەتی بۆ دروستكردنی لاوان و گەنجان لەچوارچێوەی بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاركردنەوەی تاك وە بەردەوام بوونیشی شتێكی پێویستە بەڵام ئەگەر بە ڕەوتی ئەم پەیڕەوە بڕۆن كاتێك بەر لە دامەزراندنی پێشكەشی وەزارەتی ناوخۆی دەكەن. بەڵام سەیر دەكەین لە ناوەڕۆكدا بەرەو ستراتیژیەتێكی سەقەت هەنگاو دەنێن كە دەتوانم بڵێم ڕێك پێچەوانەی پەیڕەوەكەیە. نمونەشمان (سەنتەری ڕۆشنبیری سۆز) ە كە زیاتر لە چەند مانگێكە زۆربەی ئەندامەكانی سەنتەر ماڵەوەیان نەدیوە بەڵكو لە شەویشدا لەوی دەخەون كە ئەمەش هۆكارێكی سەرەكییە بۆ خراپ پەروەردە كردنی ئەم گەنجە و كە كاریگەری خراپی لەسەر خودی گەنج دەبی.. بەڵكو بەر لەهەموو شتێك كە هەست دەكات كەسێك نییە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكات لێرەوە شتەكان تێكەڵ بە یەكتر دەبن. ڕەنگە تووشی هەندی حاڵەت بی كە پاشە ڕۆژێكە خراپی لێبكەوێتەوە چونكە بەتایبەت ئەم گەنجانە لە تەمەنێكی هەرزەكاریدان شتە خراپەكان زۆر بە ئاسانی لە پەنجەرەی عەقڵیان دەچێتە ژوورەوە ئەو كاتە توانای چاك بوونەوەیان ئەستەم دەبێت بۆیە لێرەوە حكومەت دەبێت ئاگاداری ئەم جۆرە گیروگرفتانە بێت كە تووشی گەنج دەبن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.